# دەسەڵاتی چوارەم
# سەرەتا ... سەرهەڵدان



زاگرۆس ڕێباز

لە سەردەمی نوێی ژیانی مرۆڤایەتیدا، بەهۆی پێشکەوتنی بواری پیشەسازی و دروستبوونی بەستەرەکانی بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانی سەر زەوی، هۆیەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە ئامرازێك بۆ ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵ و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە، بەتایبەتیش ئەو پرس و ڕووداوانەی کە جێگەی سەرنجی خەڵکن، جا چ پرسی تایبەت بە گروپەکان یان پرسی گشتی مرۆڤەکان بن، بەو پێیە ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێ لە چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵات و دروستکردنی ڕای گشتی، چەقی بازنەی ئەو چاودێریکردنەش بریتیە لە سەرنجدان لە گەندەڵبوونی دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا.

ڕاگەیاندن لە چاودێریکردنی دەسەڵاتدا ڕۆڵێکی دوو لایەنە دەبینێ، یەکەم: بەرامبەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت، کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزدا ڕۆڵێکی هەستیار و جیاوازە لەو چاودێریکردنەی دامەزراوەیەکی حکومی پێی هەڵدەستێ و لە خودی حکومەتەوە هێزی کارکردن وەردەگرێت، بەڵکو ڕاگەیاندن زۆربەی جار لە وەها هێزێك بۆ پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی بێبەشە، ئەگەرچی ئەو بێبەشیە لە سیستمێکی حوکمڕانیەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، ئەوەی لێرە مەبەستە سیستمی نموونەیی دیموکراتیە کە تیایدا ڕاگەیاندن دەزگایەکە لە دەرەوەی تیشکی حکومەت کاردەکات، دووەم: ئەو ڕۆڵەی لە هاوکاریکردنی هاوڵاتیان دەیگێڕێت بۆ چاکترکردنی شێوەی گوزەران و دیاریکردنی ڕۆڵیان لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبردنێکی شایستەتر بۆ ڕاییکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگا، لەم پێناوەشدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەم لە ڕابردوو، هەم لە ئێستادا ڕووبەڕووی کێشەو تەنگوچەڵەمەی زۆر بوونەتەوە و دەبنەوە، سەرەنجام بوونەتە هێزێك لەدەرەوەی هێزی حکومەت و دەسەڵاتێکییان لێ هاتۆتە بەرهەم کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرێ.

سەرەتای دەرکەوتنی واژەی دەسەڵاتی چوارەم جیاوازە لە دەرکەوتنی ڕۆڵی پراکتیکیانەی ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم. بۆ یەکەمجار ئەم واژەیە لە لایەن چیرۆکنووسی بەریتانی "هێنری فیلدنج"ەوە لە ساڵی (١٧٥٢) بەکارهات، دواتر "تۆماس کارلیل" مێژوونووسی سکۆتلەندی لەکتێبی بەناوبانگی "پاڵەوانان و پاڵەوان پەرستان"یدا کە لە ساڵی (١٨٤١)دا چاپ کرا بەشێوەیەکی ڕوونکراوە ئەم واژەیەی بەکاربرد، لەوێدا دوای ناوهێنانی هەرسێ دەسەڵاتی ئەودەمی سیستەمەکانی حوکمڕانی ئەوروپا، واتە پیاوانی ئاینی، ئەرستۆکرات و ڕەشە خەڵك (عەوام) بە ناوهێنانی پەیامنێرە ڕۆژنامەوانیەکان وەك حزبی چوارەم، گرووپی چوارەم، دەسەڵاتی چوارەم ئەو واژەیەی بەشێوەیەکی بەرفراوان هێنایە نێو لاپەڕەکانی مێژووەوە. ئەگەرچی کارلیل پێشتریش لە ساڵی (١٨٣٧)دا لە کتێبی "شۆڕشی فەرەنسا"یدا ئەم واژەیە بەکاربردبوو، بەڵام بەشێوەیەکی شی نەکراوەو بەمەش نەبووە هۆیەك بۆ ناساندنی واژەکە.

لەڕووی پراکتیکەوە، مێژووی دەسەڵاتی چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ نامە مێژووییەکەی نووسەری فەرەنسی "ئەمیل زۆلا" کە لەژێر ناونیشانی "من تاوانباریان دەکەم" لە ڕۆژنامەی "ئۆرۆر — aurore"ی فەرەنسیدا لە ساڵی (١٨٩٨)دا بڵاوکرایەوە، تیایدا لە لایەکەوە پایە جیاوازەکانی حکومەتی ئەودەمی فەرەنسای لە پلەدارە سەربازی و سیاسی و قەزاییەکان بە پیلانگێری و دەستتێوەردان لەمافی هاوڵاتیان تاوانبار کرد و لە لایەکی دی

وتارەکە بەرگرینامەیەک بوو لە ئەفسەری دەریایی فەڕەنسی "ئەلفرێد دریێفوس" کە بە تۆمەتی خیانەتی گەورە لە لایەن قەزای ئەودەمی فەرەنساوە تاوانبار کرابوو. ئەو نامەیەی ئەمیل زۆلا ئەگەرچی دوای حەڤدە ساڵ لە دەرچوونی یاسای ئازادیی رۆژنامەوانی لەفەرەنسا (١٨٨١) و چوار ساڵ دوای دادگاییکردنی دریێفوس بڵاوکرایەوە، بەڵام بووە چەخماخەی هەڵگیرساندنی شۆرشێکی رۆژنامەوانی کە دواتر سەرانسەری جیهانی گرتەوە و بەشێوەیەکی پراکتیکی راگەیاندن بووە دەسەڵاتێکی دیار و کارا لەنێو کۆمەڵگادا.


L'AURORE
Littéraire, Artistique, Sociale
J'Accuse...!
LETTRE AU PRÉSIDENT DE LA RÉPUBLIQUE
Par ÉMILE ZOLA

ئەگەر سەرنج بدەینە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی راگەیاندن وەک هێزێکی کارا لە ناو کۆمەڵ و کاریگەر لەسەر کارەکانی حکومەت، دەبینن کە سەرەرای بوونی یاسای دەستووری لە زۆرێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە رووی سیاسیەوە کێشەو گرفت بۆ رۆژنامەوانان هاتۆتە پێش کە دیسانەوە مەسەلەی دادگاییکردنی دریێفوس ودواتر راگەیاندنی بێبەریبوونی ناوبراو لە لایەن دادگای فەرەنسا دوای دوانزە ساڵ لە مێژووی حوکمدانیەوە دەبێتە سەرەتای مێژووی بەربەرکانێی راگەیاندن لە نێوان حکومی و ناحکومی (NGO)کانەوە.

وروژاندنی پرسی دریێفوس لە لایەن نووسەر و رۆژنامەوان ئەمیل زۆلا لە کاتێکدا بوو کە فەرەنسا بە قۆناغی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دژی ئەڵمانیا لەلایەك و دژی یەهودیەت لە لایەکیتر تێدەپەڕی، یەهوودی بوونی دریێفوس بووە هۆی ئەوەی کە ناوبراو رۆژی ناشتنی تەرمی ئەمیل زۆلا لە گۆڕستانی ناودارانی فەرەنسا بە دوو گوللە بریندار بکرێت و دوای هەشت ساڵ لە مێژووی ئەو رووداوە، "جین جورێ"ی ئەندام پەرلەمانی فەرەنسا کە پرسی دریێفوسی لەناو پەرلەماندا وروژاندبوو، لە لایەن ناسیۆنالیستەکانی فەرەنساوە تیرۆر کرا، سەرەرای ئەمانە هەمووی ئەلفرێد دریێفوس کەلێنێکی گەورەی لە ناو مێژووی سیاسیی فەرەنسا بەزیندوویتی و کەلێنێکی بچووکیشی لە ناو گۆڕستانی ناودارانی فەرەنسا بە مردوویتی پێبڕا.

ئەگەرچی بەکارهێنانی واژەی دەسەڵاتی چوارەم دوای هەرسێ دەسەڵاتە دەستووریەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزایی هەڵەیەکی زەق بوو لەمێژووی دەرکەوتنی دەستەواژەکە، دەرکەوت کە مەبەست لە سێ دەسەڵاتەکەی تر پیاوانی ئاینی و ئەرستۆکراتەکان و رەشەخەڵك بووە، بەڵام لەسەردەمی ئێستاماندا ئەو بەکارهێنانە هەڵەیە بووە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر کە دەسەڵاتی چوارەم لەراستیدا دوای هەرسێ دەسەڵاتە دەستووریەکەی تری سیستمی بەڕێوەبردن رۆڵی خۆی دەبینێ، بەڵام لێرەدا مەرجێك هەیە کە بەبێ لەبەرچاو گرتنی مەفهومی دەسەڵاتی چوارەم کەمترین مانای خۆی نابەخشێ، ئەویش مەرجی بوونی سیستمێکی تەواو عەیاری دیموکراتی کە تیایدا بە ئاشکرا هەرسێ دەسەڵاتەکەیتر لەیەك جیاکرابنەوەو بەبێ دەست خستنەکاری یەکتر کاری بەڕێوەبردن رایی بکەن، لە دەستووری وڵاتیشدا ئازادیی تەواو ببەخشرێتە بواری راگەیاندن، لە لایەکیتر ئەرکی چاودێریکردنی حکومەت تەنها لە ئەستۆی هۆیەکانی راگەیاندنی دەرەوەی بازنەی حکومەت بێ، هەربۆیەش نەبوونی تێگەیشتنێکی تەواو لەمانای چەمکی دیموکراسی و ئازادی و بەدوایدا شەفافیەتی ئەرك و کارەکانی حکومەتن، دەبێتە هۆی ئیفلیجبوونی راگەیاندن و رۆژنامەوانی و ناتوانێ رۆڵی خۆی وەك رێگری بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵگادا ببینێ.